# دەم درێژی رۆژنامەنووسان

**دڵزارحەسەن**

بێتاقەت بوونی سەرۆکی هەرێم لە راست زیادەڕۆیی لە نووسینەکانی نووسەر و رۆژنامەنووسانەوە  وای لە زۆرێك لەو نووسەرو رۆژنامەنووسانەکرد کە هەڵوەستە لە سەر ئەو وتارەی بەرێزیانەوە بکەن ، هەندێکیان بە مەترسی لە سەر ئازادی و کاری راگەیاندن لە کوردستان دەیخوێننەوە ، بەشێکی دیکەیان ئەو بۆچونە بە کارێکی پەسندو و لە جێگای خۆی دەزانن . منیش لەو نێوەندەدا پێم وایە ورووژاندنی ئەو پرسە بە باشە و خراپە نابێت ، بەڵکو قسەکردن لە بارەی ئەو تەوەرەیەوە خوێنەر رادەکێشێتە نێو باسێکی جددی و جەوهەریەوە . بەو مانایەی منی خوێنەر دەبێت پرسیار لە خاوەنی ئەو بیرۆکەیە و بەرپرسان بکات ئاخۆ کێ بەرپرسدەبێت لە نەگەیشتنی هەواڵ و زانیاریەکان کە تایبەتبێت بە گەندەڵی و کرداری نایاسایانەی بەرپرسانی کوردستان ؟! یان کێن ئەوانەی رێگا بە من دەدات کام زانیاری پێویستە دەستم بکەوێت و کام شتیش بۆ من چاکنییە دەستم نەکەوێت ؟!!

هەڵبەتە ئیحتیکارکردنی هەواڵ و راستیەکانیش لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە دواجار زەمینەی شەفافیەت و ئازادیەکان پاشەکشەپێدەکات و لە بەرامبەر ئەوەدا کلتوری تۆتالیتاریەت زیندو و دەبێتەوە و گەشەدەکات . رەنگە ئێستا کەسانێك هەبن بە هۆی نووسینەکانیانەوە لە سایت و رۆژنامەکانی ناوەخۆدا ناوی بەرپرسان و خەڵکانی دیکە بزڕێنن و بە شێوەیەك لە شێوەکانیش ناو ناتۆری نابەجێشیان بۆ هەڵبەستێت . دیارە ئەو خەڵکانەش سەرەتا لە مەنزومەی حیزبەکانەوە چەگەرەیانکردووە و ئێستاکەش لە بەرەی ئۆپۆسیزیۆندان !!

من نامەوێت لەو نووسینەمدا نانی رەخنە و توانجی هیچ کەسێك ببڕم و ناشمەوێت کەسیش واتێبگات ئەو نووسینەم بە تایبەتی لەگەڵ ئەودایە ، بەڵام نکۆڵیش لەوە ناکەم کە زۆربەی زۆری ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی کە بەو نەفەسە دەنووسن گشتیان لە نێو یەك بازنە دەسوورێنەوە کە ئەم نووسینانەیان بۆ دواجار وەك کەیسێك بەکاربێنن لە بەرامبەر نەیارەکانیاندا ، بۆ ئەوەی لە ناوەخۆدا ناو دەربکەن و لە دەرەوەی وڵاتیشدا ئیقامەی پێوەربگرن . بەلای منەوە سەیرەکە لەوەدانییە کە جەنابی سەرۆك ئەو بۆ چونەی هەیە بەڵکو عەجایباتەکە لەوەدایە کە ئەو جۆرە نووسەرانە بە شەو لەتەك بەپرسان بە پۆکەر و مەیخواردنەوە شەو دەبەنە سەر و بەرۆژەوەش رەخنەیان لێدەگرن !!!؟ وەلێ کاری سەرسوورهێنەرتر لە وەدایە بۆ هەواڵی کۆبوونەوە زۆر نهێنیەکان لە دەستی ئەواندایە و رۆژنامەنووسانی کوردستانی نوێ و خەباتیش دەبێت هەواڵەکە لە زاری ئەوانەوە ببیستن ؟! رەنگە ئەو بەرپرسە حیزبی و حکومیە  ناهەقی نەبێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسەدا بکات چونکە لەو چۆرە لێپرسراوانەمان زۆرە کە هەندێك شەڕی حیزبی و دەسەڵات و ئیداری هەیە بۆ خۆیان نایکەن و بەو رۆژنامەنووسە داماوەی دەکەن کە ئەمیش نا هەقی نییە رەنگە خۆشویستنی بۆ کەیسەکە و چوونە هەندەرانی ئەمەی پێکردبێت ؟!!

گازاندەکانی سەرۆکی هەرێم و رێگاگرتن لەو جۆرە نووسینانەش خەمێکی دیکەی واقیعی سیاسیی و ئابوری و کلتوری کوردستانە کە بەداخەوە دوای تێپەر بوونی ئەو هەموو ساڵە ئێستاکە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەستی پێدەکات . هەڵبەتە نابێت ئەوە لە یاد بکرێت کە ئەو نەفەسەی ئەمرۆکەی ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانە پێیدەنووسن هەمان ئیحا و قەلەمی شەڕی ناوەخۆیە کە لە دژی یەکتری بەکاریاندەهێنا و بێگومان هەر ئەمانیش ئاگر خۆشکەر و درێژە پێدەری ئەو شەڕە بووینە و ئێستاکەش بە هەموو لایەکیانەوە بە گڕ گیانی ئەو حکوموتە وەربووینە . دیارە کەسیشمان لەوە بە گومان نیین کە وڵاتی ئێمە چەندان کێشەی سیاسیی و ئابوری و ئیداری و کلتوری هەیە ، بۆ هەر کایەکیش لەو کێشانەش دەرگا بەرووی زۆرێك رۆژنامەنووس ئاواڵەدەکات کە راو سەرنجی خۆیانی لە سەربدات و بۆ ئەو مەبەستەش دونیایەك رەخنە و پێشنیاریاندەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئارێشە و قەیرانانەی کە دێنە پێشەوە .

لێرەدا دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان رەخنە و پێشنیار و دەربرینی راو سەرنجی تایبەت لە سەر بابەتەکان لەگەڵ جنێو و ناو زڕاندن و بوختان هەڵبەستن بۆ ئەو ئەم . بەلای منەوە ئەوەی ئێستاکە دەنووسرێت لەلایەنی نووسەر و رۆژنامەنووسانەوە زیاتر لەوەی بابەتی رۆژنامەنووسیانە و بابەتیانە بێت بەڵکوو بابەتگەلێکن کە زیاتر خۆی لە چەواشەکردنی یەکتری و دوورکەوتنەوە لە راستیەکان دەبینێتەوە . بەم پێیەش لە نێو ئەو واقیعە دژوار و ئاڵۆزەشدا دوو ئاراستەی دژ بەیەك دێنە ئاراوە .

یەکێکیان درووستبوونی بێ متمانەییە لە نێوان رۆژنامەنووس و دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت و دەسەڵات . ئەوەی دیکەشیان هەڵگرتنی رق و روحی تۆڵە سەندنەوەیە لە لایەن هەردوولایەنەوە . بێگومان ئەو دوو باروو دۆخە بەلای منەوە بە کوشندەترین تەنگژە دادەندرێت لە بەردەم کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندندا چونکە هیچ یەکێك لەم رەهەندان بوار بۆ ئەرکی رۆنامەگەریانە سازناکات کە بە شێوەیەکی تەندروست رەوشی راگەیاندن ئاراستە بکات . کاتێکیش ئەو کەش و هەوایە بۆ کارەکتەرەکانی نێو میدیاکان و دەسەڵات رەخسا دواجار نێوانەکانی ئەو دوو چەمکە

فراوانابێت و له جێگای زمانی گفتوگۆ و هێنانه پێشەوەی شەفافیەت ئیدی کایەکانی سانسۆرکردن و کپکردنەوەی دەنگە ئازادەکان بەرەو روی راگەیاندن ئاوالأدەبێت . بەمەش قۆناغی تێپەراندن و هێنانە پێشەوەی کارەکتەری چالاك لە بواری راگەیاندندا دەچێتە دواوە و ئەوکاتە گەورەترین پرسیار و گومان لە بەرامبەر ئەو ئەزموونە ئیداریەمانەوە دەکرێت کە بەلای ئێمەوە ئەزموونێکی دیموکراسیی بووە و ئەوهاشمان لەدونیا گەیاندووە . بۆیە لێرەدا دەبێت هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا لە رێگای ئەو یاسایەی کە بۆ رۆژنامەنووسان دەردەچێت ماف و ئازادیەکانی نووسەر و رۆژنامەنووسان دابینبکات و لە بەرامبەر ئەوەشدا چ یاسا و رێسایەکیش بۆ سزادانی رۆژنامەنووسانیش دانداراوە بۆ ئەو ناوزراندن و بوختانانەی کە لە بەرامبەر هەرکەس و لایەنێك دەیکات ئەوە بە سزای یاسایی خۆی بگەیەندرێت ....